# پێکەنین دژ بە تراژیدیا

جواد خەلیل



٦ی کانونی دووەم ٢٠٢٥ وتار

ئایا لە دونیای ئەمڕۆدا، کەسێک هەیە بەکارهێنەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێت و "خوان خۆیا بۆرجا" نەناسێت؟ خوان ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سیڤیلیای ئیسپانیا هاتۆتە دونیاوە، تاکوو ساڵی ٢٠٠٠ هیچ کەسێک نەیدەناسی، بەڵام چاوپێکەوتنێک هەموو شتێکی گۆڕی و زۆر بە خێرایی بە هەموو دونیای ناساند، کەناڵی ٢ی ئیسپانی ئەم پیاوەی هێنایە سەر شاشە و لە ڕێی گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی ژیانی خۆیەوە، کە چیرۆکی غەم و ئازار و نەهامەتی و ڕەنجکێشانی ژیانە هەژارانەکەی بوو، نەک بە تۆنێکی غەمگینانەوە، بەڵکوو بەوپەڕی دڵخۆشییەوە و بە پێکەنینێکی ئێجگار سەرنجڕاکێش و جوانەوە! خوان لە میانەی گێڕانەوەی

چیرۆکی ژیانی خۆیدا باس لە ژیانی سـەردەمی شـاگردایەتییەکەی دەکات، ئەو دەمەی لە چێشتخانەیەکی سەر دەریا کار دەکات و بەڕێوەبەرەکەی پێی دەڵێت کە دەبێت ٢٠ مەقەڵی پیس پاک بکاتەوە، بەڵام چونکە مەقەڵییەکان زۆر پیس دەبن بۆیە ناچار دەبێت بیانباتە سـەر کەناری دەریاکە تاوەکوو بە ئاوی سـوێری ئەویێ پاک ببنەوە، خوان مەقەڵییەکان دادەنێت و دەگەڕێتەوە جێگاکەی خۆی و هێندە ماندوو دەبێت خەوی لێ دەکەوێت، کە بەئاگا دێتەوە و دەچێتە کەناری دەریاکە دەبینێت هەموو مەقەڵییەکان ئاوی دەریاکە بردوونی جگە لەیەک دانەیان نەبێت، ئەویش گیربووە لە بەردێک، خاوەن کار کە ئەمە دەبینێت، زۆر پەست و تووڕە دەبێت و لە کارەکەی دەری دەکات، خوان گرفتار و بێکار، سەرگەردان و بێ پارە دەبێت و بە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانیدا تێپەڕ دەبێت.

خوان لێرەدا وەکو کرێکار و شـاگردی چێشـتخـانەیەک ئـازارێـک، نـاخۆشـییەک، چەرمەسەرییەک دەگێڕێتەوە کە بەسەر خۆیدا هاتووە، ڕەنگە لە ژیانی هەمووماندا ڕووداوی زۆری سەمەرە و تراژیدییانە ڕوویان دابێت، بەڵام ئەوەی گێڕانەوەکەی خوان لە گێڕانەوەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەو ڕۆحی گاڵتەکردنەیە بە ئـازار و نەهـامەتییەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی یادەوەری و ڕووداوە نـاخۆشـەکانە بە پێکەنین. خوان بەوە ناڕووخێت کە دەردەکرێت، هەرچەندە دەزانێت دەرکردنەکەی بێ ئیش و بێ نان و بێ حاڵی دەکات و سەرگەردان دەبێت، هێزی ئەم نەڕووخانەشی لە پێکەنینەکەیەوە وەرگرتووە، پێکەنینێکی ژیندۆسـتانە، پێکەنین بە ڕووی بەسـەرهاتێکی تراژیدیدا کە خەریک بووە بێ ئومێدی بکات لە ژیان. دەزانم ئێسـتا بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەوەی خوان کردوویەتی گەمژەییەکی تەواوە، بەڵام دەمەوێت ئەم بیرکردنەوەیەتان بە زوویی بقۆزمەوە و بیکەمە بەهانەیەک بۆ باسکردن لە پەیوەندی نێوان گەمژەیی و پێکەنین.

## گەمژەیی و پێکەنین

دەروونناسیی نوێ گەمژەیی بە زۆر باردا پێناسە کردووە، ئێمە لێرەدا لە هیچ کام لەو پێناسانە ورد نابینەوە، تەنها لەوە نەبێت کە گەمژەیی وەک خەسـڵەتێک لە خەسـڵەتە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەبینێت و پاڵپشتی ئەو تێگەیشتنە دەکات کە هەر کەسێک لە ئێمە بەڕادەی جیاواز

و له ســـاتگەلی جودا جودادا گەمژەبوونمان دەســـەلمێنین و دەرخســـتنی هەر بڕێک لەو هەڵســـوکەوت یاخود قســـە ناتەبایانە بە عەقڵ، دەوروبەر و زۆرجاریش خۆمان دەهێنێتە پێکەنین. واتـا پێکەنین بەشـــێکی هەرە زۆری پەیوەســـتە بە دەرکەوتنی نیشـــانەی ئەو هەڵســـوکەوت و قســـانەی کە ئێمە بڕوامان وایە دەبێت بە شـــاراوەیی بمێننەوە و نەکرێن. هەموو ئەو بیروبـاوەڕە کۆنـانەی کە مرۆڤ بە درێژایی مێژوو تەبەنی کردوون، داوایـان لێ کردووین لە هەمبەر هەڵسـوکەوت و قسـەکانمان هوشـیار بین، تاوەکوو نەبینە بابەتێک بۆ پێکەنینی ئەوانی تر. بۆیە مرۆڤ بە گشتی حەز دەکات جدی و ژیرمەند دەربکەوێت و هەموو خەسـڵەت و ڕووکارێکی گەمژانە لە خۆیدا بسڕێتەوە، یان لانی کەم سـەرکوتی بکات. ئێمە کە کەســـێک دەبینین هەڵســـوکەوتێک ئەنجام دەدات یان قســـەیەک لە زاری دێتە دەر و دەرخەری ڕووە گەمژانەکەی مرۆڤە، پێی پێـدەکەنین. ئەم پێکەنینە لە ڕووکەشـــــدا وا دەبینرێت کە لە پێناو ڕەتکردنەوەی بوونی ئەو خەسـڵەتەیە لە خۆماندا و ئەوە ئەو کەسـەیە کە کارێک یان قســـەیەکی کردووە و بۆتە گاڵتەجاڕی ئێمە، بەڵام لە ڕاســـتیدا پێکەنینەکە لە ناخدا دەگەڕێتەوە بۆ ســـەرســـامبوونمان بەو لێکچوونەی کە لە نێوان خەســـڵەتە کپکراوو ســـەرکوتکراوەکەی ئێمە و خەســـڵەتە دەرخراوەکەی بەرامبەردایە. دواجـار گرنگە بزانین پێکەنینی ژیندۆستانە بڕێک لەو پەیوەندییەی لە خۆیدا هەڵگرتووە.

بۆ ئەوەی هیچ هەڵە تێگەیشـــتنێـک دەربـارەی شـــکۆی ئەکتەرە کۆمیـدی و مرۆڤە قســـەخۆشـــەکان دروســـت نەبێت، دەبێت باس لەوە بکەین کە مرۆڤانی قســـەخۆش و ئەکتەرانی کۆمیدی لەوەدا لە نێو کۆمەڵدا ڕێزلێگیراوترن کە تاکوو ئێســـتا تەنها خۆیان وەک ڕۆڵگێڕ و گێڕەرەوە پیشـــان داوە و خۆیان نەبوونەتە بابەتێکی واقیعی بۆ پێکەنین. کۆمەڵگە و دەوروبەر کە بە قســـە و کردارەکانی ئەمان پێدەکەنن لەبەر ئەوەیە کە دەزانن ئەمان بکەرە ڕاســـتەقینەکانی کردە کۆمیدییەکان نین، هەر ئەمەشـــە وای کردووە کە هەم شـــکۆدار بن و هەم ڕێزلێگیراو، بە پێچەوانەی بکەرە ڕاستەقینەکانەوە کە هەم سەرکۆنە دەکرێن و هەمیش ســـووکایەتییان پێ دەکرێت، چونکە بکەرانی ڕاســـتەقینە لە ناو واقیعەوە کردەکان ئەنجام دەدەن و کاردانەوەکانیش واقیعی دەبن، بەڵام گێڕەرەوە و لاسـاییکەرەوەکان لە ڕۆڵگێڕاندا بەر ئێمە دەکەون و خەسـڵەتە کۆمیدی و گەمژانەکەی مرۆڤمان بیر دەهێننەوە. مرۆڤ دەبێت دەســـتبەرداری ئەم ژێســـتی گاڵتەجاڕی و ســـووکایەتیپێکردنەی خۆی بێت لە هەمبەر بکەرە ڕاســـتەقینەکان و ئەوانیش وەک کەسـانی خاوەن ماف و خاوەن ڕێز ببینێت، بزانێت ئەوەی

وەک کردەیەکی کۆمیدی لە هەر چرکەساتێکدا دەردەکەوێت، بەشێکە لە بوونی کپکراوی ئێمە و دەشێت ئێمەش ڕۆژێک ببینە دەرخەری کردەیەکی لەو جۆرە.

## مرۆڤ بۆچی پێدەکەنێت؟

ئەمە پرسیارێکی لاستیکییە و بە زۆر شێوە دەکرێت وەڵام بدرێتەوە. مرۆڤ کاتێک ژیان دەست دەنێتە بینەقاقای و برستی لێ دەبڕێت، هیچ هێزێک جگە لە پێکەنین ناتوانێت بە هانایەوە بێت و لەو دڵتەنگی و نائارامییەی کە تێی کەوتووە ڕزگاری بکات. گرنگ نییە مەودای نێوان غەم و دڵخۆشی چەنێکە، ئەوە گرنگە کە داخۆ لە چ شوێنێکدا ئیدی پێکەنین بواری بۆ دەرەخسێنرێت وەک هێزێکی کاریگەر دژ بەو دۆخە تراژیدییەی کە تێی کەوتووین دەربکەوێت. مەرج نییە پێکەنین و دەرکەوتنی ددانەکان بۆ خۆی ئاماژەی گەیشتن بێت بە دڵخۆشی و بەختەوەری، ئاخر زۆرجار پێکەنین دەبێتە دەرچەیەک بۆ هەڵهاتن لەو بارە قورس و گرانەی غەم دەیخاتە سەر شانی مرۆ، نەک هیچ شتێکی دی. بەڵام خۆ ئەگەر ئیشی- پێکەنین هەر بە تەنها بریتی بێت لە داگرتنی ئەو بارە قورسە لە سەر شانی مرۆ، ئەوا هێشتاش دەکرێت پێکەنین وەک ئاماژەیەکی ڕوونی ڕێنوێنی بەرەو بەختەوەری وێنا بکەین و ستایشی بکەین.

میلان کۆندێرا لە کتێبە گرنگەکەی خۆیدا: (پێکەنین و لەبیرچوونەوە)، زۆر بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێک پێدەکەنین واتا ئێمە بە قووڵی دەژین و دەمانەوێت بژین؛ دەمانەوێت بە پێکەنینێک هەموو ئەو سەختییانەی کە هەیە لەبیری خۆمانی ببەینەوە، پێکەنین بۆ هەڵهاتن لە کێشەکان و لەبیرخۆبردنەوەیان، پێکەنین لە پێناوی بیرچوونەوەدا، ئەمە ڕوانگەی نەک بە تەنها کۆندێرا، بەڵکوو ڕوانگەی زۆرێک لەو بیریار و نووسەرانەشە کە باسیان لە پێویستی ئینسان بە پێکەنین کردووە.

ئەو دەمەی لە ژیانی هەر کەسێکمان ورد دەبینەوە، زۆر بە ڕوونی ئەوە دەبینین کە لە نێوان دڵتەنگی و بەختەوەرییدا پانتاییەکی فراوان بوونی هەیە و ئەم پانتاییەش بەشێکی گەورەی ژیانی مرۆڤی داگیر کردووە. کە باسی دۆخی دەروونی و کارکردە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ دەکرێت، هێڵێکی ڕاست بە سەر پەڕەکانی ژیانیدا دەکێشرێت و دەکرێتە دوو بەشەوە،

بەشـــێکیان بەختەوەری و ئەوی تریان دڵتەنگییە، وەک بڵێی مرۆڤ ناچار بێت هەمیشـــە سەر بە یەکێک لەم دوو دۆخە تایبەتییە بێت، ناچار بێت لە نێوان بەختەوەری و دڵتەنگیدا یەکیان هەڵبژێرێت؛ لە کاتێکدا بەشی هەرە زۆری سروشـــتی مرۆڤ دژ بەم دابەشـــکارییەیە! ژیانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی کردار و گوفتارەکانێتی؛ ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و هەوڵە زۆر و زەبەنـدەکـانێتی بۆ خۆبەرجەســـتەکردن لە نێو ژیـانـدا، هەر لەم ڕەنگـدانەوەیەشـــەوە چرکەســـاتەکان و دۆخە تایبەتییەکەی دەروون دیاری دەکرێت، ئەم ڕەنگدانەوانەش بتەنێ پەیوەســـت نین بە بەختەوەری یان دڵتەنگییەوە بەڵکوو زێدەتر پەیوەســـتن بەو پانتاییە فراوانەی کە لە نێوان ئەو دوو دۆخە تایبەتییەدا ماوەتەوە. پانتاییەک کە پڕە لە لێکدژی و ڕەوتاری هەڕەمەکییانە و لێیەوە ئاڵۆزی و پێچاوپێچیەکانی مرۆڤ خۆیان نمایش دەکەن.

لە ژینگەی مرۆییدا زۆرترین بوار بۆ تێکشکان و دارمان، بێ ئومێدبوون و دڵتەنگی ڕەخسێنراوە و کەمترین هەل دراوەتە دڵخۆشی. ڕەخســـاندنی هەل بۆ دڵتەنگی پێناچێت بە تەنیا بەهۆی هەبوونی هێزگەلی جودا و زاڵی دژ بە ژیانەوە بووبێت، بەڵکوو لەوانەشـــە هەر لە بنەڕەتەوە ژیان بۆ خۆی هەڵگری ئەم ســـیما ناهاوســـەنگە بووبێت لە نێوان بەختەوەری و دڵتەنگیدا، پێدەچێت سروشـــتی ژیان خۆی وای کردبێت کە زیاتر دڵڕەقانە و فریودەرانە دەربکەوێت وەک لەوەی بەبەزەیی و خەندەلەخۆگر و ئومێدبەخشـــانە بێت. ســـڵکردنەوە لە پێکەنین خەســـڵەتی هەرە دیاری هێزە دژە ژیانەکانە، خەســـڵەتی ســـەرەکیی ئەو ڕێباز و بیروباوەڕە ترســـناکانەیە کە ناخوازن مرۆڤ بە هیچ کڵۆجێ بێتەوە نێو ژیان و باوەش بە جوانییەکانی ژیاندا بکات، ناخوازن ژیان ببێتە مۆڵگەیەک بۆ چێژبینین و تیاحەسانەوە و ئارامبوون.

## ئەو پێکەنینەی ژیان دەیەوێت

ڕەنگە ئەوەی کە ئەم دووە واتا ( پێکەنین و ژیان)م لەو چەند دێڕەی پێشـــووتردا پێکەوە گرێدا، بۆچوونێکی وەهای دروســـت کردبێت لای خوێنەر کە وابزانێت ئەوەی پێکەنی ژیان دۆســـتە و ئەوەی مرومۆچ بوو کەســـێکی دژ بە ژیانە! بیرکردنەوەیەکی لەم چەشـــنە بە هیچ جۆرێک خواســـتی ئەو پێکەوە گرێدانە نییە، چونکە پێکەنین تەنها یەک وەزیفەی نییە، بەڵکوو هەڵگری زیـاد لە وەزیفەیەکە و بگرە هەنـدێـک جـاریش وەزیفەکەی دەبێـت بە

دژایەتیکردنی ڕاسـتەوخۆی خودی جوانییە باڵا و ڕاسـتەقینەکانی ژیان. ئەم فرە وەزیفەییە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەنـدی بە فرە جۆری پێکەنینەوە هەیە. پێکەنینیش وەک هەر کردەیەکی تری مرۆڤ چەنـدین دەرکەوتەی جودا جودای هەیە، لێ ئەوەی لە هەموویان گرنگتر و بە بەهادارترە ئەو جۆرەیە لە پێکەنین کە دەشێت بە "پێکەنینی ژیندۆستانە" ناوی بهێنین.

پێکەنین بەڕووی ژیـانـدا پێکەنینێکە لە قووڵایی دڵەوە دەرهەق بە ژیـان و نـاڕەحەتی و ئازارەکانی نێوی و ئاوڕدانەوەیەکیشە بە ڕووی جوانی و ناوازەییەکانی ژیان خۆیدا. ئیشی ئەم پێکەنینە هەڵگێرسـاندنی شـەڕێکی گەورەیە دژی هەموو ئەو هێز و بیرکردنەوە و ڕەوتانەی کە هانی مرۆڤ دەدەن دەسـتبەرداری جوانییەکانی ژیان بێت و خۆی ڕادەسـتی ڕووە تاریک و داڕماوەکەی ژیان بکات. مرۆڤ لە سـەختترین کاتەکانیدا گەر بگەڕێتەوە لای ئەم جۆرە لە پێکەنین هەرگیز بۆ هەمیشەیی خۆی ڕادەستی بیرۆکەکانی پووچێتی ژیان و سڵکردنەوە لە چێژ و جوانیەکانی نێوی ناکات و کاتییانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. مانەوەی دەروون و سـتایلی ژیانی مرۆڤیش بە ڕێکی و بەهاداریەوە پەیوەستە بە ڕادەی ئامادەبوونی ئەم جۆرە لە پێکەنین لە نێو پانتایی ژیانی تاکەکەسی و کۆییانەیدا. ئامادەبوونی ئەم جۆرەیش لە پێکەنین پێویسـتی بە هێزێکی مەزن هەیە، ئەو مرۆڤانەی خودان ئەو هێزە مەزنەن هیچ کات سڵ لە چێژوەرگرتن لە ژیان و ژیانکردن بە واتای ڕووتی وشـەکە ناکەنەوە. ئایا مرۆڤ دەتوانێت ببێتە خاوەنی هێزێکی وەها بۆ هەمیشـە؟ مێژووی چەرمەسـەری و دەردەدارییەکانی مرۆڤ و بەرزی و نزمییەکانی دەروون و هەڵچوون و کاردانەوە سـەیرەکانی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەیسـەلمێنێت کە هیچ مرۆڤێک نـاتوانێت بۆ هەمیشـە ببێتە خودان پێکەنینێکی لەم چەشـنە! ئەمە جێی نیگەرانییە بۆ کەسـێک کە بەهای پێکەنینی ژیندۆسـتانە بزانێت و دڵنیـاش بێـت لە کـاتیبوونەکەی، دڵنیـا بێـت لەوەی ئەم جۆرە لە پێکەنین کە هـاوتـای بەهێزترین چەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانەی دەیانەوێت هیچ واتا و نرخێکی ڕاسـتەقینە بۆ ژیان نەهێڵنەوە. کەواتە خەسڵەتی هەرە سەرەکیی پێکەنینی ژیندۆستانە کاتیبوونەکەیەتی، بەڵام کـاتیبوونێـک بە هێزێکی زۆرەوە! ئەوەی بڕیـار دەدات کە مرۆڤ تـا چەنـدە ژیـانێکی بەختەوەرانە بژێت؛ ڕادەی ئامادەبوونی ئەم جۆرە پێکەنینەیە لە نێو وێسـتگە جیاوازەکانی ژیانیدا نەک هیچ شـتێکی تر. مرۆڤ کە بوو بە خاوەنی ئەو توانایەی لە سـەختترین کاتەکانی ژیـانیـدا هۆیەک بۆ گێڕانەوەی ئەم جۆرە لە پێکەنین بـدۆزێتەوە؛ ئەوا بێ دوو دڵی مرۆڤێکی بەختەوەرە. بەختەوەرە چونکە توانیویەتی سـەرباری هەبوونی بڕێکی ئێجگار زۆر لە ناشـیرینی

و ئازار و نەهامەتی، هێشـــتا دەســـتبەرداری ڕووە گەش و جوانەکەی ژیان نەبێت. مرۆڤ ناتوانێت هەمیشـــە پێبکەنێت و ناچاریش نییە بۆ ئەبەد بەرگەی ئازار و ناڕەحەتییەکانی ژیان بگرێت، بەڵام دەتوانێت لە زۆر چرکەسـاتی ژیانیدا پەنا بباتە بەر ئەم هێزە مەزنە و نەهێڵێت لەوە زیاتر بپڕوکێنرێت و تا ئاستی بەرەنگاری ویستی خۆکوژیش سوودمەند بێت لێی.

## لە نێوان پێکەنین و ئاییندا

خۆرهەڵات کـانگـا و بنەچەی زۆرینەی ئـایینە گەورە و نـاسراوەکـانی جیهـانە، بە دەگمەن ئایینێک دەبینینەوە زادەی ســـەرزەمینی خۆرهەڵات نەبێت، ئایا ئێرە دێرینترین شـــوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤە؟ شوێنەوارناسی و پاشماوە شوێنەوارییەکان و ژیارە دێرینەکانی مێژوو، ســـەدان بەڵگەی بێ چەندوچوونیان پێداوین تا بێ هیچ ســـڵەمینەوەیەک وەڵامەکەمان بۆ پرسیارێکی وەها بەڵێ بێت. لە خۆرهەڵات یەکەمین شارستانیەتەکان بنیاتنران و مرۆڤ ماڵی پێکەوە نا و بوو بە شارنشین و نووسینی دۆزییەوە و یاساکانی داڕشت. لێرەوە ئەفسانە داڕێژرا و مرۆڤ بە پرســیارە ســادە و ئاڵۆزەکانی خۆیەوە دەرگیر بوو، پاشـان ئایینەکان پەیدا بوون و خەڵکانێکی زۆریان لە دەوری خۆیان کۆکردەوە. ئەم ئایینانە زۆر بە ســـانایی هەســـتان بە دەســـتکاری کردنی کۆی ڕوانینەکانی مرۆڤ و بەرەو ڕێکخســـتن و لەقاڵبدانی زیاتری کردار و گوفتاریان بردن، ئیدی زۆر بە ئاسانی نەدەتوانرا پێناسەی هیچ کردە و گوتەیەکی مرۆ بکرێت گەر نەگەڕابایەنەوە بۆ ئەحکامەکانی ئایین.

پێکەنین وەک خەسـڵەتێکی سروشـتییانەی مرۆ، یەکێک بوو لە گرنگترین ئەو دیاردانەی کە دەبوو ئـایین ڕای خۆی لەبـارەیـانەوە دەربڕێـت، ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییە فراوان و فرەڕەهەندەی کە لە سەر کۆمەڵگە و مرۆڤ هەیبوو. ئایین هەر لە دەستپێکەوە پێوستی بە کەسـانێک نەبوو کە پێکەنین ببەخشـنەوە و ژیان بە لاقرتێوە وەربگرن، بەڵکو پێویسـتی بە کەســـانێک بوو کە جدی و بەئاگا بن و کەمترین بەرکەوتنیان لەگەڵ دونیای گاڵتەوگەپ و ناجدیدا هەبێت، گوایە بەمە لە شـکۆدارییان کەم دەبێتەوە! ئەفسـانەکانی دۆڵی دووئاوان و نیل و سـەنەد، نووسـینە بزمارییەکانی پێش زایین، پەیکەرە زۆروزەبەندەکانی شـارسـتانیەتە دێرینەکان، پێکەوە گەواهیدەرن بۆ ئامادەگی بەردەوامی تووڕەیی گشـت و سـڵکردنەوەی

لەڕادەبەدەر بەرامبەر بە پێکەنین! تەورات کە لە دۆڵی دووئاواندا نووسرایەوە و بەتەواوی کاریگەر بوو بەم شارستانیەتە تووڕانە، نەیتوانی لە هیچ سفرێکیدا، جێیەک بۆ پێکەنینی ژیندۆستانە بکاتەوە، وەک ئاوێکی ڕژاوی گەوران، ڕژا و بە دوویدا زۆرێک لە ئایینەکانی دواتر، پێیان تێدا خشاند!

پەیمانی کۆن لە چەندین جێدا باسی لە پێکەنین کردووە و وەک نیشانەیەکی باوەڕنەکردن بە قودرەتی ئیلاهی و پەرچووە ناودارەکانی لێکی داوەتەوە، بەڵام لە سفرەکاندا زۆر بە ئاسانی لکاندوونی بە پەیامبەران و خودای جووەکانەوە، هێندێک جار ئەوە پەیامبەر و دەنگە ئیلاهییەکەی نێو تەوراتە بزە دەیگرێ و پێدەکەنێت، هەندێک جاریش ئەوە دوژمنانی خودان دەیانەوێت لە ڕێی پێکەنینەوە، لە ڕێی گاڵتەپێکردن و لاقرتێوە تانە لە حیکمەتە ئیلاهییەکانی تەورات بدەن. ئەمە لە پەیمانی نوێدا دەبێتە جۆرێک لە سڵەمینەوەی ترسناک لە پێکەنین و تەنانەت لە هەندێک دۆخدا هێرشکردنە سەر پێکەنینیش. ئەوەی کە سارەی ئیبراهیم لە پەیمانی کۆندا پێدەکەنێت و بڕوا بەوە ناکات کە بەو تەمەنەوە بێتە دایک، لە پەیمانی نوێدا ئیدی ڕێ بەم جۆرە پێکەنینەش نادرێت، ئیدی پێکەنین دەبێتە خەسڵەتی دونیاویستەکان و ئەوانەی پشتیان کردۆتە خودا و وەک بێزراوییەکی نابەجێ پێناسە دەکرێت، جگە لە چەند دۆخێکی ئێجگار سنوردار نەبێت کە دواتر و لە لایەن کڵێساوە ڕێگەپێدانی بۆ کرا. هەرچەندە لە سەرەتاوە پیاوانی ئایینی مەسیحی دژ بە پێکەنین دەوەستانەوە، بۆ نموونە: قەدیس جیرۆم (347-420) کە یەکێک بوو لە ناودارانی کڵێسا و پیاوێکی ئاینی پایەداری نێو دونیای مەسیحیەتە، زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە کە پێکەنین هەڵسوکەوتێکە زۆر دوورە لە هەڵسوکەوتی مرۆڤی بڕواداری مەسیحییەوە، بەڵام دواتر لە لایەن قەشە ئۆگەستین و هێندێک زانای مەسیحی دیکەوە هەوڵدرا پلەپەندی بۆ پێکەنین بکرێت و ڕێگا بە چەند پلە و شێوازێکی پێکەنین بدرێت، بەو مەرجەی دژ نەوەستێتەوە لەگەڵ ئامانج و بنەماکانی کڵێسادا، لەگەڵ ڕێنسانس و دەستپێکی چاکسازییە ئایینییەکانیشدا، ئیدی واتاکانی پێکەنینیش گۆڕانی بەسەردا هات و کڵێسا داوای لە پیاوانی ئایینی و بڕوادارانی مەسیحی کرد تاکوو لە جەژن و بۆنە ئایینیە گەورەکاندا پێبکەنن، نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو ڕێگا بە گێڕانەوەی بەسەرهات و نوکتەی پێکەنینهێنەریش درا!

لەگەڵ هاتنی ئیسـلامدا، پێکەنینیش واتا و دەلالەتەکانی گۆڕانیان بەسـەردا هات، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە ڕیشـــەیی نەبوون، تێکەڵەیەک بوون لە دیدگا کۆنەکان و بڕێک ڕوانینی جودا و نوێ، ئـایەتەکانی قورئـان زۆر ئـامـاژە و گێڕانەوەیـان تێـدایە کە بـاس لە پێکەنین دەکەن، باسـکردنی پێکەنین وەک ئاماژەیەکی گەورە بۆ سـەرکەوتنی بڕوادار لە تاقیکردنەوەی دونیادا، یەکێکە لە خوێندنەوە هەرە جیاوازەکانی ئیســلام بۆ پێکەنین. مرۆڤی بڕوادار ناچارە بەرگەی نـاڕەحەتی و نەهـامەتی و تـانە و تەشـــەری نـاحەزانی ئـایینەکەی بگرێت و خۆی لە چێژی قەدەغەکراو و لەزەتی حەرامەکان بە دوور بگرێت، تاکوو بتوانێت لە قیامەتدا پێبکەنێت و پێکەنینەکەشی مژدەی گەیشـتنی بێت بە بەهەشـتی ئیلاهی. بەڵام ئەمە تەنیا پێناســەیەکی ئیســـلام نیە بۆ پێکەنین، بەڵکوو بە زۆر جۆری جودا و واتـای جیاوازتر دەتوانین چەنـدین پێناســەی پێکەنین لە فەرموودەکان و کتێبە مێژووییەکان و توراسی ئیسـلامیدا بدۆزینەوە، مێژووی ئیســـلام پڕە لەو بەســـەرهـاتـانەی کە نیشـــانەی ڕێگەدانن بە پێکەنین و ئەو هەڵسـوکەوت و قسـانەی کە مرۆڤ دەهێننە پێکەنین، هەرچەندە لە سـەرەتاکانی دەرکەوتنی ئیســـلامـدا پێکەنین زیـاتر ڕێکخراوتر و مەرجـدارتر بوو، بەڵام دواتر ئەم مەرجـداری و ڕێکخســـتنە زۆرە وەکوو خۆی نەمـایەوە، بە تـایبەتی لە ســـەردەمی خەلافەتی ئومەوی و عەباسیدا.

## هێزی گێڕانەوە؛ نوکتە، درۆ و پێکەنین

یەکەمین ڕێگا بۆ پێکەنین ئەوەیە کاتێک شـــتێکی پێکەنیناوی ڕوو دەدات و ڕاســـتەوخۆ دەیبینین و بەری دەکەوین، پێی پێدەکەنین ؛ بەڵام ئەی چی ئەگەر ئێمە خۆمان ئەو شـــتە پێکەنیناوییە نەبینین؟ ڕێگای دووهەم کە ئێمە بە زۆری لە ڕێیەوە پێدەکەنین، گێڕانەوەیە ( نوکتە)، کەسێک دێت و ڕووداوێک یان بەسەرهاتێکی کۆمیدی دەگێڕێتەوە و ئێمە دەهێنێتە پێکەنین. ئەو کەســە چۆن توانی بەبێ ئەوەی ئێمە خۆمان ڕووداوەکەمان ببینیبێت بمانخاتە پێکەنین؟ بێگومان لە ڕێی گێڕانەوە و وێناکردنەوە. ئەم گێڕانەوە و وێناکردنەش گەر لە ئاستی بینینی یەکەمدا بێت و وەکو خۆی مابێتەوە سـەرنجڕاکێش نابێت بۆ ئێمەی بیسـەر، چونکە چێژی بینەربوونی ڕاسـتەوخۆ هەرگیز وەکو خۆی لە ڕێی گێڕەرەوە ناگوێزرێتەوە بۆ ئێمە، ئەی کەواتە من بۆچی زۆرجار زیاتر لە بینەرە ڕاستەوخۆکە پێدەکەنم؟!

شـتێک کە وادەکا من لەو زیاتر پێبکەنم چێژی گێڕانەوەکەیە کە هێز و گرۆتینەکەی لە بینینە ڕاسـتەوخۆکە زیاترە، ئەمەش لە خۆڕا دروسـت نەبووە، بەڵکوو بە هەوڵ و ئاگایی گێڕەرەوە گەیشـتۆتە ئەو ئاسـتە، گێڕەرەوە بۆ ئەوەی نوکتەکە بە چێژ بکات لە لای من پەنا دەباتە بەر درۆکردن و خستنە سـەر و تەحریفکردنی ئەسڵی ڕووداوەکە، ڕووداوەکە وەک هەویرێکی لێ دێت کە ئەو بە ئارەزووی خۆی چۆنی بوێ بیشـێلێت و ڕووکاری جیاواز جیاوازی پێ بدات. ئەم درۆکردنە گەر بە نیازی ڕازاندنەوەی بابەتێکی پێکەنیناوی بێت بۆ ئەوەی پێکەنیناویتر دەربکەوێت و قاقای لێ بکەوێتەوە، ئەوا نەک نابێت خاوەنەکەی سـەرکۆنە بکرێت، بەڵکو گرنگیشـە پەسـن و سـتایش بکرێت و ئەمەکدار بین بۆ ماندووبوونەکەی. بەڵام گەر ئەم درۆیە نیازی لەکەدارکردن و بێڕێزیکردن بێت بە شـکۆی مرۆییانەی کەسـێک و ترۆری کەسـێتییانەی ئینسـانێکی تر، ئەوا دەبێت لە بری پەسـندان ڕەخنەی لێ بگیردرێت و وەک درۆیەکی زیانبەخش و نامرۆڤانە لێک بدرێتەوە. درۆ و خستنەسەر لە گێڕانەوەی بەسەرهاتە کۆمیـدییەکان دەربهێنین چی لێ دەمێنێتەوە؟ گەر ئەم دووانە دەربهێنی ئەوا بەشی هەرە زۆری ئەو نوکتە و بەسـەرهـاتە کۆمیـدییـانەی نێو مێژوو کە تۆمـارکراون، یـاخود زارەکی گواستراونەتەوە، شتێکی ئەوتۆیان لێ نامێنێتەوە پێکەنین بخاتە سەر لێوی مرۆڤ.

کەواتە ئەو پەیوەندییەی درۆ دەبەستێتە پێکەنینەوە، پەیوەندییەکی ڕیشـەداری مێژووییە و کرۆکی نوکتە و بەسـەرهاتە پێکەنیناوییەکانیشـە. بەو پێیەی لەوەوپێش ئاماژەمان بەوەدا کە دەبێت ڕێز لەو کەسانە بگرین کە بێ هیچ شکۆشکاندنێکی مرۆیی خەندە و پێکەنین دەخەنە سەر لێومان و هۆکاری دڵخۆشییەکانی ئێمەن (هەڵبەت مەبەستمان لە شکۆشکاندنی مرۆیی لێدانە لە کەسێتی تاکێک و شکاندنەوەیەتی لە ڕێی گاڵتەکردن بە هەڵە و کەم و کورتییەکانی)، کەوابێت دەبێت ڕێز لەو کەسـانە بگرین کە درۆ بە نرخی ڕاسـتی و بۆ دڵخۆشـکردنمان دەرخواردی ئێمە دەدەن، بێ هیچ ویسـتێک بۆ شـکۆشـکاندن و تەنها لە پێناوی ئەوەی بگەینە دۆخی پێکەنینی ژیندۆسـتانە، دەبێت ئەوەش بزانین کە هیچ کەس ناتوانێت لە بری ئێمە پێبکەنێت، بەڵام کەسانێک هەن لە خستنە پێکەنینی ئێمەدا یارمەتیدەرن و گێڕەرەوەی بزە و خەندەن بۆ نێو ژیانی گشتی، ئەوان شایستەی ڕێز و پەسنی ئێمەن، نەک پلار و توانج، دواجار ژیان پێویسـتی بە پێکەنینی قووڵی ئێمەیە، بۆ ئەوەی چێژە ڕاسـتەقینەکەی خۆیمان پیشان بدات.

## دۆلۆزیش لەگەڵ نیچەدا پێدەکەنێت!

مێژووی جدیبوونی ئینسـان، مێژووی سـڵکردنەوە و خۆلادانی لە پێکەنین، بارتەقای کۆنینی پێکەنین خۆی کۆنە، لەمەشـدا هەر لە ئاین و ئەفسـانەکانەوە بگرە تا دەگات بە فەلسـەفە هۆکاربوون و پێکەوە مێژوویەکی گەورەی ڕقهاتنەوە لە پێکەنینیان چێ کردووە. وەک بڵێی جدیبوون و باڵایەتی پێویستی بە وەدەرنانی پێکەنین هەبێت!

لەگەڵ ئەوەشـدا یەکێک لە گرنگترین ئەو پرسـانەی کە فەلسـەفە بە درێژایی مێژووی خۆی ئاوڕی لێ داوەتەوە و لە بارەیەوە دواوە، پرسی پێکەنین و کاریگەرییەکەی بووە لە سـەر ژیانی تاک و کۆمەڵگەکان بە گشتی. هەر لە یۆنانی کۆنەوە بیگرە تا دەگاتە چاخەکانی ناوەڕاست و ڕێنسانس و ڕۆشنگەری و لەوێشەوە بۆ فەیلەسوفە ناودار و زیندووەکانی ئەم سەردەمە، بە دەگمەن فەیلەسـوفێک دەبینینەوە گەر بە چەند دێڕێکیش بووبێت باسی لە پێکەنین نەکردبێت وەک خەسڵەتێکی دیاری ئینسـان. بۆ نموونە: فەیلەسـوفێکی وەک ئەفلاتۆن کە پێکەنین گرێدەداتە ئاکاری چینە نزمەکانی کۆمەڵگەوە و دژ بە فەزیلەتی ئینسـانی پایەبەرز دەیناسـێنێت، هەروەها پێی وایە کە پێکەنین دەبێتە هۆی نەمانی ڕێزگرتن لە نێوان هاووڵاتییانی کۆمارەکەیدا، کاتێک دەست دەکەن بە گاڵتەکردن بەیەکدی و یەکتری دەکەنە بابەتێک بۆ پێکەنین. لە ڕاستیشدا بەشی هەرە زۆری فەیلەسوفان لەوەد دژ بە پێکەنینن کە خواسـتێکە زۆرجار پێ دەنێتە نێو گاڵتەپێکردن و بە کەم بینینی ئەوانی ترەوە، ئەمە ئەو خاڵە هاوبەشـەیە کە فەلسـەفە و ئایین لە سـەری کۆکن، هەڵبەت بە جیاوازی نرخدانان بۆ پێکەنینی ژیندۆسـتانە لای فەیلەسـوفان و سـڵکردنەوە لە پێکەنین وەک دوورخەرەوەیەکی مرۆڤ لە باوەڕ و ئیمانە ڕاستەقینەکەی خۆی لە بەشێکی زۆری ئایینەکاندا.

بەڵام لە ناواخنی ئەم مێژووەوە، هەمیشـە جۆرێک لە بەرگری و سـتایشـکردنی پێکەنینیش هەبووە، لەمەدا دەشـێت فەیلەسـوفێکی وەکو "نیچە" وەک نموونەیەکی باڵا ببینین، ئەو فەیلەسـوفەی بەشـێوەیەکی سـەرسـوڕهێن ئاڵۆزترین پرسـە فەلسـەفی و وجودییەکانی بە تەنزەوە، بە برێکی زۆر لە گێڕانەوەی پێکەنیناوییەوە شی دەکردەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە دۆلۆز دەربارەی خوێنەر و ڕاڤەکارانی نیچە وا بیر بکاتەوە کە ئەگەر لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکانی نیچەدا پێنەکەنن، کەواتە نیچەیان نەخوێندۆتەوە! ئەم دیدە نامۆیەی نیچە بۆ خودی فەلسـەفە و پێکەنینیش، دیدێکە تاڕادەیەکی زۆر نامۆ بە فەیلەسـوفانی پێشـوو، هەر لە

ئەفلاتۆنەوە بگرە تا دەگات بە هیگڵ و دیکارت و کانت و ...هتد، نیچە پێکەنین ئاسـایی دەکاتەوە و دەیبەستێتە ئەو وێنایەشەوە کە زۆر بە قووڵی بۆ دەستنیشانکردنی مرۆڤی باڵا کێشـاویەتی، لە نێو ئاڵۆزترین پرسـەکانەوە، دژ بە تراژیدییای بوون، نیچە ڕێک ئەوەی لە مرۆڤ دەوێت کە پێبکەنێت، پێکەنینێک دژ بە تراژیدیا!